


# سۆراننامه

Sorannama

سالنامەیەکی تایبەتە بە سالیادی شەهیدی قەلەم ( سۆران مامە حەمە ) ـ ژمارە ( 1 )ـی رۆژی پێنج شەممە ( 2024/7/20 ) بەرانبەر بە 29 پووشپەڕی 2724

## کـــــــوا خـــــوێـنی شەهیدی قـەڵـەم ( ســـــۆران مـامـە حـەمـە )



لە ٢٠٠٨/٧/٢١ تاکو ئەمڕۆ، کە شانزە ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر تیرۆرکردنی شەهیدی قەڵەم (سۆران مامە حەمە)دا، دەیان و سەدان و هەزاران ڕووداوی دڵتەزێن لە کەرکوك و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە، بەدڵنیاییەوە هیچ ڕووداوێکیان هێندەی شەهیدکردنی سۆران بۆ ئایندەی نەتەوەکەمان مەترسیدار نەبووە ونابێت، چونکە هیچ کوشتنێك وەك دەسپێکی کوشتنی ڕۆژنامەنووس نەبۆتە پەڵەیەکی ڕەش بە تەوێڵی دەسەڵاتی کوردییەوە.

لە ماوەی ئەم شانزە ساڵەدا، زۆربەی تاوانە بچووك و گەورەکان ئاشکراکراون، تاوانباران بە سزای خۆیان گەیەندراون، بوتڵە غازێك دزرابێت، دزەکە ڕاپێچی زیندان کراوە، عامودێك شکێنرابێت سزای دارایی تاوانبارەکە دراوە، لەسەر بڕینەوەی درەختێك هاتوونەتە سەر خەت و بە تاوانی گەورەیان ناساندووە، شەڕە دەنوکێکی لا کۆڵان لێپرسینەوەی لێکراوە، کەچی سۆران شەهید دەکرێت و کەس نابێتە خاوەنی، لەنێوان دوو حکومەت و سێ دەزگای ئەمنی و دەیان بارەگای پۆلیس و دادگا و داواکاری گشتی و دەیان دامەزراوەی پەیوەندیدار، تەنها سەرەداوێك نادۆزرێتەوە.

ئەم دەسەڵاتەی دۆلارێکی قاچاخی نەوت و سەنتێکی گومرك و دینارێکی باج و خەراجی لێ ون نابێت، کەچی زۆر بە ئاسانی خوێنی گەشی سۆران مامە حەمەی لێی ون دەبێت و وەك هەڵم بە ئاسماندا دەچێت، ڕوونە ئەگەر بکوژ بەشێك نەبێت لە دەسەڵات، ئەگەر لە بن باڵی خۆیاندا نەبێت، ناتری حەمام و دەستەونەزەری خان و خەسێنراوی حەرام سەرای خۆیان نەبێت، چۆن دوای پانزە ساڵ دەمامکەکەی لە روو داناماڵن و بە سزادانی بۆ چرکەیەکیش بێت هەوڵی سپی کردنەوەی رووی خۆیانی پێ نادەن.

دۆستایەتی بکوژی شەهید سۆران لەگەڵ دەسەڵاتدا، بەهای زیاترە لە لەکەداربوونی دەسەڵات و ڕەش بوونی تەوێڵیان، ئەوان بکوژەکەیان بەلاوە گرنگترە لە سومعەی هەرێم و دەسەڵاتەکەیان، بکوژەکەیان لا لە پێشترە لە کەوتنە ژێر پرسیارە بێشومارەکانی ئەم دەسەڵاتەوە، کە شانازی بە تازەگەری و پێشکەوتنەوە دەکات، لە کاتێکدا کەیسی تاوانێکی بۆ یەکلایی ناکرێتەوە.

کەس تێناگات، لە قودەرتی هیچ بیرمەند و رۆشنبیرێکدا نییە، شیکاری ئەوە بکات، تاوانێك ئەو هەموو شەرمەزارییەی بۆ دەسەڵات دروست کردبێت، کەچی ئامادە نەبێت بکوژان ئاشکرا بکات و بە سزایان بگەیەنێت، ئەمە جگە لەوەی پێمان دەڵێت بکوژان و بکەرانی ئەم کەیسە جگە لە دەسەڵات خۆی نابێت هیچ کەسێکی تر بێت، بۆیە ئامادەیە ئەو هەموو لەکە و پەڵەیە بێنێتە سەر خۆی تەنها لە پێناو پاراستنی چەند تیرۆرستێك، کە دەستیان بە خوێنی گەشی گەنجێکی کەرکوکی سورە.

شەهیدکردنی سۆران، دەسپێکی قۆناغێکی تاریك بوو، کە ڕێخۆشکەر بوو بە دوای سۆراندا چەندین رۆژنامەنووسی تر تیرۆر بکرێت و کێیان بووێت حسابەکەی بە چەند فیشەکێك دابخەن، دەسپێك بوو بۆ مەرگی ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕا دەربڕین، ئاشناکردنی ڕۆژنامەنووسان بوو بە کونجەکانی زیندان و ترسان و تۆقاندن و کپکردنی چالاکەوان و دەنگە زوڵاڵەکان بوو دەرهەق بە هەقیقەت و ڕاستییەکان.

کۆتایی سۆران مامە حەمە، سەرەتای قۆناغێکی تاریك بوو، کە ئاسۆی نیشتیمانی تەواو تاریك کردووە و ئومێدی دواڕۆژی نەوەکانمانی تەڵخ و ناڕوون کردووە، کە تێی گەیاندین نیشتیمانەکەمان لەبەردەم چ مەترسیەکی گەورەدایە، ئایندە چەندە لە مەترسیدایە، ئومێد چەندە کز بووە، هیوا چۆن هێزی لەبەر بڕاوە.

ئەم ڕەشبینییەی ئێمە و دەرکەوتنی سەرەداوی ئەو هەموو مەترسییە، ئێمەی ناچار کرد، ژمارەی ئەم ساڵی (سۆراننامە) بەم شێوازەی ئێستا بخەینە بەرد دیدەی خوێنەران و وا بکەین بەم کارە پەیامێك بگەیەنین بە هەموو دنیا، کە کەیسی سۆران مامە حەمە هێشتا یەك سانتیمەتر نەچۆتە پێشەوە و هێشتا بکوژان و بکەرانی ئەو ڕووداوە مەترسیدارە بە ماسکەکانیانەوە لەم نیشتیمانەدان و کەس پێیان ناڵێت بەری چاوتان کلی پێوەیە.

**ستافی ساڵنامەی سۆراننامە**

# دوای (15)

# کۆا خوێنی شەهید



# ســــــاڵ

# سۆران مامە حەمە



# سۆراننامە
Sorannama

سالنامەیەکی تایبەتە بە سالیادی شەهیدی قەلەم ( سۆران مامە حەمە )

ژمارە ( 1 )ـی رۆژی پێنج شەممە ( 2024/7/20 ) بەرانبەر بە 29 پووشپەڕی 2724

سالنامەیەکی تایبەتە بە سالرۆژی شەهیدبوونی

رۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە)،

لە شاری کەرکوک دەردەچێت

